# شابازی چیا

## بە بۆنەی ١٠١ ساڵەی بارزانی نەمرەوە

ج. ئاگرین

کاتێ
شۆڕشی مەلیك مەحموود
بە پیلانی داگیرکەران
کوژایەوە
لە چیاکانی بارزان
شۆڕەسوارێك ئازایانە
شۆڕشی هەڵگیرسانەوە.
تا زامی شکستی "شێخ"
لەبیر "بازیان" بباتەوە!
سەرهەڵدانی ئەم قوتابییەی ئەحمەد خانی
دڵی نەیارانی تەزاند.
لەم پێناوەش
چیاییەکان
تەمی قورسی رەنجیان رەواند.
سەری هەڵدا
بۆ... بەتاڵکردنەوەی
نوشتەی نەحسی نەیاران
سەری هەڵدا
بۆ چڕینی گۆرانی سەربەستی و
سەرفرازی گەلی کوردمان.
بۆ گەیشتن بە ئاواتی
چیاکانی نیشتمانی
کرد بە هێلان.
سۆزی شمشاڵی بارزانی هەزاران
بێزار لە ژینی دیلی
هێنایە چیاوە.
سۆزی شمشاڵی بارزانی
گەلپەرستانی
لە دەوری یەك کۆ کردنەوە
هەتا وەکوو... پڕ بە گەروو
سروودی بەرزی "ئەی رەقیب" بڵێنەوە.
سەری هەڵدا
ئەم نەبەز و ناودارەی کورد،
دەڵەدێوەکانی بەغدا
دڵیان تەزا!
سەری هەڵدا
ئەم سەرکردە و سەردارەی کورد،
شانەگریسەکانی تاران
پشتیان شکا!
سەری هەڵدا
ئەم پێشەنگ و پێشڕەوە خۆش ئاکارەی کورد
لە قەسابخانەی باکوور
ئاسۆی بیری کورد کوژ رووخا!

***

کاتێ
لە کوردستانی رۆژهەڵات
کۆماری کورد دامەزرا،
لە چیاوە
خۆی گەیاندە مەهاباد
هەتا وەکو
وەك گلێنەی چاوەکانی
کۆمار بپارێزێ.
ئێستاش
دار و بەرد و
ئاو و خاکی مەهاباد-تم
چیرۆکی گیانبازی و
پیاوەتی بارزانی دەگێڕنەوە
کاتێ
رەشەبای تووش
لە مۆسکۆوە هەڵیکرد و
ئالای کۆماری برد،
زۆری هەوڵدا
تا... پێشەوا دەرباز بکا
کاتێکیش دادگەی سەحرایی
بۆ مەحاکمەی قازییەکان
دەرگای شوومی خستە سەر پشت و
بارزانی... بە بێگانە زانێ!
پێشەوا قازی شەهید

www.kurdistannet.org

بێدەنگ نەبوو
نرکاندی و
بە گژ ستەمکاران دا چوو
چلۆن دەکرا
بارزانی
بەهانای مەهابادەوە نەیت
چلۆن دەکرا
لە دادگای رەشی دوژمن
پێشەوا قازی محەمەد
لە حاندی
بێ حورمەتی بە بارزانی
بێ دەنگ ببێ
با... تا سێدارەش
تەنیا یەك هەنگاو مابێ!
***
ئێستاش
لە ساڵی چاوپشکوتنی قازیدا
هەولێر و سلێمانی سەما دەکەن و
لە ساڵی چاوپشکوتنی بارزانیدا
سنە و مەهاباد.
***
دێ... دێ
بۆنی "قەلا" و "گردی سەیوان" دێ
دێ... دێ
بۆنی پێشمەرگە دێ
دێ... دێ
عەتری نیگای ئەم شێرە کوێستانییە ئاوێتەی
شادمانی کوردی سەربەست ئەبێ،
تەماشاکەن
ئالای شەکاوە
لەم جێژنەدا
چۆن مەستانە شایی ئەکا و
قاقا... پێدەکەنێ.
***
هۆ سەرفراز!
لە بەهاری نەوەت و یەك دا
خوێندکارانی زانکۆی چیا
سەریان هەڵدا
ئەنفالچی و
قەسابانی هەڵەبجەیان
لە کوردستانی باشوور وەدەر نا!
ئێستاش
لە کاتێك دا
بەرەو پیری سەدەمین ساڵی لە دایکبوونت دەچین
پەرلمانی نەوەت و دوو ژیاوەتەوە،
بۆنی هەڵپەڕکێ و مۆسیقا
بۆنی سروود و گۆرانی
بۆنی شیعر و
هێوری عەبدوڵلا پەشێو
بۆنی شارەزوور و دەشتی هەولێر
تێکەڵن و
شایی یادی تۆ ئەگێڕن.
***
هۆ خۆشەویست
ئێستەکانە
ئەم یادە پیرۆزەی تۆ
شۆڕشی کوردایەتی بەرپا ئەکا،
کوردستانی گەورە و مەزن . م
لێوڕێژی هیوا ئەکا.
ئێستەکانە
پەرلمانی کوردستان
رووگەی نەتەوەمانە،
ئێستەکانە
یادی سەدەیەکی خۆشەویستی
لە کوردستانی بێ نەیار
شیعرە، سرودە، ژیانە!

١٤ ئاداری ٢٠٠٣

www.kurdistannet.org